

: داسه

## بەرەو پیرۆزکردنی
## ساڵرۆژی لە دایکبوونی کۆمەڵە

لەم ساڵەی دووهەزار و چوارە دا ، لە دەرەوەی وڵات، لە هەل و مەرجێکدا بەرەو پیرۆزکردنی ساڵوەگەڕی لە دایکبوونی کۆمەڵە دەچین کە:

ـ لە عێراقی دوای سەدام دا، توێژاڵی سەرەوەی دەزگا هەڵگیراوە و، دەرهێنەرانی سناریۆی کارەساتەکانی چەندین ساڵەی مەڵبەندی ئێمە، واتە چاوسووران و کارسازانی پێشووی سەدام حسێن، بۆ سازکردنی کاناڵێکی ئەهوەنی پڕ لە دڵنیایی بەرەو سازکردن و دامەزراندنی دەزگایەکی تری ڕێبەریی عێراقی دەچن.

ـ لە ئیسرائیل دا، (شارۆن) بەچەشنی سەرکەوتووی شەڕی(ئەلعەلەمەین)، خەریکە جل و بەرگی ڕاستەقینە دەکاتە بەر زیندەخەونی داگیرکردنی بازاری فرۆشی وڵاتانی عەرەبی و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بۆ ئیسرائیل و، چاویشی لەو کاناڵەیە کە سیاسەتی ئەمریکا خەریکە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بۆی دەکاتەوە.

ـ تورکیا لە وەشاندنی ئاخرین گورزی پەڕۆ دا، بە جموجۆڵی بێ سرەوتی دەگەڵ ئەم و ئەو دا، خەریکە وەک مێشوولە خۆ بخزێنێتە ناو کونەلووتەکانی ئەمریکا و لە هەلی بەجێدا هەم لە ناڵ بدات و هەمیش لە بزمار.

ـ کۆمارە لەت و پەت بووەکانی سۆڤییەتی کۆن، لە باوش ئایین و ڕەگەز پەرستی و مافیادا چەواشە و دەستەویەخەی پەرێشانین و، هەژاری وبێ ئەنوایی کۆمەڵگاکانیان زەمینەخۆشکەرێکی بەهێزە لەبۆ داخزینی زلهێزێکی جیهانی بۆ داکوتانی گۆپاڵی بەرژەوەندییەکانی لە زیخی ڕوحی خەڵکی مەڵبەندەکە دا.

ـ (ئەفغانستان)ی دوای تاڵەبان، بەستە شیعرێکی هێشتا هەڵنەبەستراوە، کە نە کێشی بۆ دیاری کراوە و نە پاشەڵەشیعریشی بۆ دۆزراوەتەوە. وڵاتی

ئەفغانستان لە بەری ڕۆژهەڵاتی ئێران و وڵاتی عێراق لە بەری ڕۆژئاواکەیدا، ئەگەرچی دوو مەڵبەندی نا ئارامی دەڵەمەی لەرزۆکن، بەڵام دەڵێن دوو گۆی مەمکی دایکێکن و تررۆریزمی جیهانی لە گوانی ئەو دایکە شیر دەخوات، کەوایە ئاغاگوندەکەی جیهانی بۆی هەیە بۆ داپلۆسینی پارازیت!، بە ئارەزووی خۆی لە مەزراکانی مەڵبەند دا خەریکی ڕاوە کەروێشک بێت.

- شێخ و مشایەخەکانی دەور و بەری کەنداوی فارسی، دوای کەوتن و دەسبەسەر بوونی سەدام، بۆ ئەوەیکە خۆ لە شەڕڕی ماشێنی(گلۆبالیزم) و مەترسیی دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگاکانی ژێر دەسەڵاتیان بپارێزن، هەرچەند کە دەزانن لە کەشە و گەڕ و نۆرەی خۆیاندا بەم دەردە گرانە دەچن، لێ لە هەمان کاتدا کە بو قەرەبوو کردنەوەی بەشێک لە زەرەر و زیانی شەڕی ناوچەکە، شان و مل شل دەکەن، لە ژێرەوەشدا دەستێکی نادیار لە ئاژاوە و پشێویی دەڤەرەکە دا دەگێڕن.

- لە چوارڕێیانی مەیدانی سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، واتە لە(ئێران)ی ئیسلامیدا، شانۆ بەشوێن شانۆ دا دێت و هەر شانۆیەکیش کە دێت، ڕەنگ دەگرێت و جێ دەگرێت. هەرجار کە خشتێک لەم کۆنە کەلاوەیە مەیلی لەرزینێک دەکات، ئەکتەرێک دێتەسەر ئەکرانی بازیگەری و، خشتی لەقی لەرزۆک بەند دەکاتەوە. لەوانەیە هەر ئەم نەخش گێڕانەش بێ، کە هەندە(خاسان)ێکی تووشی هەڵەیەکی ئەوتۆ کردبێت، کە(ڕێفۆرمی پیاوانی دەوڵەتی) و(چاکسازیی ڕێبەران و نوێنەرانی خەڵکی و جەماوەری)یان لێ تێک چووبێت. ئەوەی ڕاستی بێ، ڕژێمی کۆماری ئیسلامی هەر لە دەسپێکەوە تا بەئێستاکە لەسەر پایە و بنگەهی پتەوی (ولایەت فەقیهـی) دامەزراوە. سەران و سەردارانی حاکمییەت، لە ورد هەتا درشتیان، هەتا ملان کەمەربەستە، گوێڕایەڵ، لایەنگر و خزمەتگوزارانی بە وەفای شەریعەتی (ولایەتی فەقیهی)ن و هەر چەشنە چاکسازی و ڕێفۆرمێکی کە (ولایەتی فەقیهی)ی بێنێتە ژێر پرسیار، بە تێکڕا لێی دەدەن. بەڵام لە هەلی دژواری چارەنووس سازیش دا ئەم سیاسەتە دەزانن کە مۆرەیەک سواری خواست و ویستی جەماور بکەن و بزاڤی خەڵکی پێ لەبار بەرن.

بە بڕوای من، ساکاری و هەڵەکاری لەمە زلتر نابێت کە سیاسەتوانێک ڕەش بە سپی بنوێنێت. کۆماری تورکییە لە سەر ئەسڵی کەمالیزم ساز کراوە و کاتێک دەکرێ هیوای دیموکڕاسیمان لە تورکییە هەبێت، کە فەلسەفە و دینامیزمی

کەمالی لە زبڵدانی مێژوو دا گۆڕ کرابێت. دەسەڵاتی ئاخوندیش کە هێم و بناغە و بنگەهەکەی لە سەر بنەڕەتی(ولایەتی فەقیهی)داڕێژراوە، بە دروشمی زل و زەق و بریقەداری ناوەرۆک دەڵبی مۆرەیەکی دەزگا، هەرگیز ئایین لە سیاسەت جیا ناکاتەوە و کۆمەڵگایەکی عیلمانی مەدەنیمان بۆ چێ ناکات.
شایانی باسە بگوترێ، کۆماری ئیسلامی لە عەینی حاڵدا کە یەکێک لە مۆرە هەرە بەکارەکانی ئەو کەمەربەندیە کە بۆ تێک تەپاندن و داڕووخاندنی کۆشکی کەرەملین و بیری چەپ، وەک ئامراز کەڵکی لێ وەرگیرا و، ئەلحەق کاریشی لە دەست هات و کردی، بەڵام لە هەمان کات دا دوای ئەنجامی ئامانج، لە سەر مێزی نەردێنی سیاسەت دا توانی گەلێک ئاوانس بە قازانجی خۆی بستێنێت و وەک یاریبازێکی بەتوانا، گەلێک سیاست و سیاسەتوانان کش و مات بکات. هەر لەسەرەتادا و، لە ڕاستای ئەستاندنی دەسەلات و پتەوکردنی هێزی داپڵۆسینی خۆیدا، لەبەر چاوی بز داپچڕاوی هەموو جیهانیان، هەرچی ویستی کردی و ئەوەی نەیویست، لای برد. لە ناوەوەی وڵات، لە دەرەوە، لە هەر جێیەک و لە هەر شوێنێکی کە دژبەر و نەیارێکی خۆی تێدا شک برد، گەیشتە سەری و تاڵەسێوی دەخەون هێنا. تەنانەت (مسقاڵەزەڕڕەتێکی)شی ڕەحم و بەزەیی بەو خزمەتگوزارانە دا نەهات، کە سەر و سەردەمێک یاریکار و مەدەدکاری بەوەفای بوون .
جاران، واتە بەر لە (گلۆبالیزم) و پێش داڕووخانی سۆڤییەت، ئێرانی سەردەمی (شا)، لە ڕێزەی مانگیلەکانی ئەمریکا دەژمێردرا. لە مەیدانی سیاسەتی جیهانیدا لە هەر چەشنە کەسایەتی، هێز و دەسەلاتێک بێبەری بوو. تەنیا دەور و نەخش و ڕۆڵێکی کە هەیبوو، وەک ژاندارمێکی چەک هەڵگری ئەمریکایی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا حیسابی لەسەر دەکرا و چی تر. بەڵام ئێرانی ئیسلامی، لە بەرێک وەک ئاڵاهەڵگری ئاییندارانی جیهانی و لەلایەکی ترەوە وەک بەشدار لە پشک و بەشی دەسەڵاتی جیهانی خۆی نواندووە و خۆ دەنوێنێت. ئەڵبەت ئەم خۆ نواندنەش هەرگیز خۆبەخۆ و یەک لایەنی و خۆ ویست نەبووە، بەڵکوو هەڵس و کەوتگەلێکی کە ئەمریکا لە لایەک و یەکێتی ئەورووپایی لەبەرێک و، چین و ژاپۆنیش لەبەرێکی ترەوە لەگەڵیاندا کردوویانە و دەیکەن، هەوێنی ئەم سەودایە و سەرپاکی نیاز و سەوداکانی دواتریشی بۆ مەیسەر و مسۆگەر کردووە و دەیکات. بەگوتەیەکی ساکار و ڕەوانتر، لە وەتی لە ئێران دا کۆمار دامەزراوە،

جارانی جار لە لایەن دەزگا جۆربەجۆرەکانی پارێزەرانی مافی مرۆڤ، لەلایەن ئەمریکا و لە لایەن یەکیتیی ئەوروپاییەوە چرای سووری خەتەریان لە ئاست بێ بەزەیی، ترۆر، ڕەشەکوژی، تۆقاندن، پێشێلکردنی مافی مرۆڤ، خنکاندنی ئازادی، ئاخنینی گرتووخانەکان لە تێکۆشەرانی سیاسی و سووکایەتی بە ژن و... بۆ سەرانی کۆمار داگیرساندووە، شێوەکار و چەشنە هەڵسوکەوتەکانی دەسەڵاتی ئێرانی لە ئاست وڵاتانی ناوبراو ئەوەندە سەیر و سەرمەرە دێنە بارچاو، کە کرمی دڕۆنگی دەخاتە مێشکی هەر خاوەن فامێکەوە. بۆ وێنە، هەتا ئەمریکا پێ دەنێتە سەر کلکی ئەم کۆمارە و هەر بە دەم گازندە و سکاڵایەکی نەزۆکەوە ڕەخنەیەکی لێ دەگرێت، سەرانی کۆمار بەگورجی چرایەکی سەوزی کەم سۆ بۆ یەکێتی ئەوروپایی دادەگیرسێنێت و ئەمریکای پێ دەمکوت دەکات. یەکێتی ئەوروپایی گەشکەی چرای سەوزی ژێر شاقلی ڕەش، دەستی ڕاست و چەپی لێ دەگۆڕێت و چی عەیبەیە دەیشارێتەوە. ڕۆژ دێ و شەو دەبێتەوە و چرای سەوزیش جێ دەگۆڕێت . ئەمجار نۆرەی ئەوی تریانە و دیسان دەی !

ئەگەر پەڕ بە پەڕی کارنامەی ژیانی کۆماری ئیسلامی سەیر بکەین و کوولەکەی ڕوحەکەی لە مەحەک بدەین، ئەم ڕاستییەمان پێ دەسەلمێنێت کە ئەم کوولەکەی ڕووحەی لە ئالی دەرەوە و لەبەر دڵ و دیدەی وڵاتانی سەوداگەری سەرمایە، ڕێز و مەزنایەتییەکەی گەورەی هەیە. چونکە تەنیا توندی و تیژیی سەرانی کۆماری ئیسلامی و هەناردەی ئاژاوەی ئەوان بۆ دەرەوە بووە، کە ترس و دڵەلەرزەی خستۆتە ماڵی هەموو حاکمانی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ئەم ترس و مەترسییەش بووەتە هاندەریان بۆ چەک کڕین و چاکدارتر بوون. لە کێ بەرکێی چەکداربوونی بێ سەرەوبەرەش دا، بە چەشنێک پارالێلی هێز و توانای وڵاتانی مەڵبەند تووشی ئاڵوگۆڕی ناگەهانی هاتووە، کە قەیران بە شوێن قەیراندا لە دایک زاوە و ئاکام و بەرهەمی هەموو چەک کڕین و لە دایکزانی قەیرانەکانیش بووەتە سامان و سەرمایە و ڕژاوەتە ناو هەگبەی وڵاتانی سەوداگەری سەرمایە.

نەخشی فێڵبازانەو زۆڵانەی وڵاتانی خاوەن نەخشی جیهانی، لە مەڵبەندی زێڕی ڕەش دا چەپەڵگەیەکی ساز کردووە، کە هەمیشە هەرا لەسەر دراو بێ. کردوەی بێ بەزەییانەی وڵاتانی باخەڵ دەوڵەمەندی دڵچرووک، فاکتەری هەرە مەزنە بۆ جوانەمەرگ کردنی مافی مرۆڤ لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا.

لە ناوەوەی ئێراندا، تەمەنی کۆماری ئیسلامی بە گوزەرگا و تەنگەبەری پڕلە کارەساتی گەورە و گران دا تێپەڕ بووە. هێزە بەرهەڵستکارەکان، یەک و لە یەک جیا، گەلێک جاران تەنگیان بە ڕژێم هەڵچنیوە.ڕێکخراوە بەرهەڵستکارەکان لە گرانترینی مەساف و تێهەڵچوونەکانیاندا هەرگیز نەیان توانیوە بەرۆکی خۆیان لە چنگ بیری چەوتی سیکتاریستی، ستالینیستی و خۆ بە تەوەربینین ڕزگار بکەن. وە هەر ئەم نەخۆشینەماڵوێرانکەرەش بووەتە هۆی ئەوە کە قەت نەتوانن بەرەیەکی یەکگرتووی سەردەمی شەڕ پێک بێنن و لە ئاکامدا کۆمار گەیشتۆتە سەریان و، سەری یەکە یەکەیانی خواردووە.
هێزی چەپی کوردستان، بە هۆی زەمینەی لەمێژینەی خەباتی گەلی کورد بۆ ڕزگاری و بەپێی ئەزموونی دەرسی پێشین و بەپێی وەزعییەتی جوغرافیایی سەرزەمینی کوردستان، بەتواناتر، دەوڵەمەندتر و بەگیانترینی هێزی چەپی ئێرانی لە کڵ دا خارا. تەنانەت ئەم هێزە ساوا و هومێدەوارە، هومێدی ئەمەی لێ دەکرا کە وەک (نوختەجۆش) و پێوەندیدەرێک بتوانێ و بکارێ بە فریای هێزی چەپی سەراسەری بگات و لە شێواوی و تێداچوون دەریان بێنێت و کردی. لێ مخابن ستالینیزمی گرێدراو بە شوڤینیزمی ئێرانی، هەر لە (با)ی بیسمیللاوە، بۆ نەمانی ناوی(کۆمەڵە)پشتێندی بەست، بەبێ ئەوەیکە لەباری کۆمەڵایەتی و تاریخی و سیاسییەوە ئاگاداری ناوی کۆمەڵە بێت و لە(عیلمی) هۆی پشتیوانی خەڵکانی کوردستان لەم کۆمەڵەیە (چیزێک) بزانێ .
ئێمە لە گەڕان و جەولە بێ سرەوتەکانی خۆماندا، لە دێ و لە شارۆچکە و لە شارەکانی کوردستاندا گەلێک جاران ئەم پرسیارانەمان لێ دەکرا کە :
ـ ئێوە کێن؟ بەرنامەتان کوا؟ ڕێبەرتان کێیە؟
وڵام هەر یەک بوو: ئێمە کۆمەڵەین، بەرنامەمان بیر و باوەڕمانە و، ڕێبەرمان ئۆرگانێکی دەستەجەمعیی ڕەفیقانەیە.

بەڵێ بەڵام لەم ساڵی دووهەزار و چوارەدا، لە مەنفا و لە دەرەوەی وڵات دا، لە کەش و هەوایەکدا بەرەو پیرۆزکردنی ساڵوەگەڕی لە دایکبوونی کۆمەڵە دەچین، کە شەهیدەکانمان ڕیزی پتەوی خۆیان پاراستووە و لە توێی ئاڵای کۆمەڵە دا خەوتوون. کیژە شۆخ و شەنگە زانا و ئازاکانمان لە شکەنجەگاکانی ئیسلامدا گیانیان و هەموو شتیان فیدا کرد و ناوی کۆمەڵەیان هەر بەرز ڕاگرت. کوڕانی لە قەند شیرینتر بۆ گەل و لە شیر تیژتر بۆ دوژمن، لە زیندان و لە

مەیداندا مردن ، بەبێ ئەویکە یەک هەنگاو پاشەکشێ بکەن و یەکدەم لە ناوی کۆمەڵە بپسێنەوە. گەلێک ئۆگر و لایەنگری گەنج و کاڵ لە بازنەی پتەوی کۆمەڵە دا ساڵیان بردەسەر ، و لە ساڵوەگەڕەکانی لەدایکبوونی کۆمەڵە دا پیر بوون ، مردن و نەمان ، بەڵام هەرگیز لە کۆمەڵە دانەبڕان. ئەوانە و گەلێکی تریش یەکێتی خۆیان پاراست. ئەوەیکە یەکێتی کۆمەڵەی نەپاراست ، هەر ئەو ئۆرگانە دەستەجەمعیی یە بوو کە جێی باوەڕمان بوون. ئەوان فوویان لە دۆ نەکرد ، ئەوان قەت گوێیەکیان لە هاواری دڵی (دایە زەینەب*)ەکان نەگرت.

لەم ساڵەی دووهەزار و چوارە دا ، لە هەلومەرجێکدا کە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بۆنی خوێنی لێ دێت و خەلکی ئێران میچی سیاسەتییان بەسەر دا ڕووخاوە و خەڵکی کوردستانیش شەیدای ڕووناکایین و کەمە ، هی وەک من دەبێ خۆمان بۆ یادی ساڵوەگەڕی لەدایکبوونی کۆمەڵە ساز بکەین و لە ڕەشبەڵەکی یادی یاران دا هەڵپەڕین.

بەڵام بۆ کێهەیان بچین؟ ئەرێ بچینە بەزمی کۆمەڵەی سەر بە کمونیزمی کرێکاری؟ یان بچینە شەوئاهەنگی کۆمەڵەی سەر بە کمونیزمی ئێرانی کاکە سەید برایم؟ یانە بچینە ڕەشبەڵەکی کۆمەڵەی شۆڕشگێری کاکە عەبدوڵڵا؟ بچینە هەر لایەک و نەچینە ئەوانی تر ، لەگەڵ یارانی لەدەست چوو ، دەگەڵ باوڕ ، دەگەڵ ئیمان بە کۆمەڵە و بە کوردستان ناڕاستیمان کردووە. بچینە هەر سێک لایانیش ، دەستی لەت بوونی کۆمەڵەمان لە مل داوە. ئەی چبکەین؟!

بە ئەوپەڕی ڕێزەوە ـ داسە

..............................................................................................

* دایە زەینەب : ( زەینەبی کەرداری) ، نموونەی ژنێکی هەژارە لە کوردستاندا ، کە لە دارایی دنیا دا دوو کوڕی گەنجی هەبوو. یەکیانی لە ڕێکخراوەی کۆمەڵەی ناو شار دا ئیسلام گرتی و گوژتی و ، ئەوی تریشیانی لە پێشمەرگایەتی و لە شاخ دا شەهید بوو.